# عەقڵکوێریی و جەهالەتی تێرۆریستان
# درێژەدەری مەرگەساتی ئەنفالە بەدناوەکان و
# شەڕی جینۆسایدە!!

ئەو دوو کارەساتە تێرۆریستییەی کە لە ڕۆژی یەکی شووبات و لە یەکەمین ڕۆژی جەژنی قورباندا دژی بارەگای لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەڵبەندی سێی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە شاری هەولێر ئەنجامدران و بوونە هۆی شەهیدبوونی دەستەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی سەرکردایەتی هەردوو حزبی تێکۆشەرو پۆلە کارمەندێکی پایەبەرزی حکومەتی کوردستان و دەیان کادری تێکۆشەرو هاوولاتیی سەربەرزی کوردستان، تێرۆرێکە ڕاستەوخۆ دژی ئازادیی و سەربەخۆیی و ئێستاو ئایندەی گەلی کوردو وڵاتە خۆشەویستەکەیەتی.

ئەم کارە تێرۆریستییە، داخ لە دڵیی و کوێرایی داهاتنی ئەنجامدەرانی دەردەبڕێ و عەقڵکوێریی و تاریکپەرستی و جەهالەتی فکری ئەوان دەردەخات، هەر لە ڕێکخراوە توندڕەوە ئەشکەوتنشینەکانەوە تا دەوڵەتانی ڕەگەزپەرستی ناوچەکەو سێبەرەکانیان لە کوردستان و عێراقدا.

پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان ، ئەم تێرۆرەو فکری شۆڤینی و ڕەگەزپەرستی لە عێراق و لە دەوڵەتانی ناوچەکە، بە دوو ڕووی یەک پیلان ی دزێو دەزانێ، کە دژی ئازادی و دیموکراسی و سەربەخۆیی کوردستانە.

ئەم تێرۆرە سیگناڵێکە، زەین و زاکیرەی مرۆڤی کورد دەباتەوە سەر چاڵەکانی ئەنفالە بەدناوەکان و سامناکییەکانی شەڕی جینۆساید.
ئەم دوو کارە تێرۆریستییەو ئەو کارەساتەی بەسەر گەلەکەماندا هێنای، دەبێ هەژانێکی سیاسیی و فکریی بخاتە ناو دەزگا سیاسییەکانی کوردستان و ببێتە پردی پەڕینەوە بەرەو پاراستنی ئاسایشی نەتەوایەتی و گرنگیدان بە ژیان و گوزەرانی گەلی باشوور و بەها کوردستانییەکان بخرێنە سەرووی هەر شتێکی ترەوە.

باشترین ڕێزو وەفاو ڕاستگۆیی بۆ ڕۆحی شەهیدانی کارەساتەکەی جەژنی قوربان و کوشندەترین زەبر لە تێرۆریستان و فکری ڕەگەزپەرستی لە ناوچەکەدا، یەکخستنەوەی بێقەیدو شەرتی هەردوو ئیدارەکەو پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانیی و هەنگاونانە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی نوێ. هەر لەم ڕێگەیەشەوە پرۆژەی کوردستان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیتحادیی لە عێراقدا ، دەکرێ کاریگەرو سەرکەوتووبێت.

نەمری و سەرفرازیی بۆ شەهیدانی یەکی شووباتی شاری هەولێر
سەرکەوتووبێت خەباتی یەکگرتووی گەلەکەمان لە پێناوی ئازادیی و سەربەخۆییدا

بیرۆی سیاسی
پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان
٢٠٠٤/٢/٢